# چوارچێوەیەکی وێنەی هۆشمەند

چوارچێوەی وێنە هەتا ئەو سەردەمەش بریتییە لە شێوەیەکی لاکێشەیی یان چوارگۆشەیی کە لە دار پێکهاتووە.. بەڵام تەکنەلۆژیای سەردەم گۆڕانکاری بەسەر ئەویشدا هێنا.. ئێستا چوارچێوە وێنەییەکان هەر ئەوە نین کە تەنیا یەك وێنەیان تێبخرێ...بەڵکو هەزاران وێنەیان بۆ دادەنرێ، چوارچێوەکان ئۆنلاینن واتە لەگەڵ ئینتەرنێت دەبەسترێنەوە، جگە لە وێنە کەش و هەوا نیشان دەدەن، یادداشتی ڕۆژانە نیشان دەدەن..تاد.

چوارچێوەی سمارتی auraش یەکێکە لەو چوارچێوانە.. چوارچێوەکە هەموو وێنەکانی سەر مۆبایل و کۆمپیوتەرەکان بەبێ وایەر نیشان دەدات. چوارچێوەکە چەند ڕەنگی هەیە. چوارچێوە هۆشمەندەکە کاتێك یەکێك دێتەژوورەوە وێنەیەکی نوێ نیشان دەدات کە دەچێتەلای وێنەیەکی دیکە.. کاتێك ژوورەکە تاریك دەبێت هیچ وێنەیەك نیشان دەدات. چوارچێوەکە بە هەردوو شێوەی ستونی و ئاسۆیی لە دیوار دەدرێت. گرنگترین بەشی ئەو چوارچێوە لەوەدایە وێنەکان سانسۆر دەکات واتە ئەو وێنانەی ڕووت یا نیمچە ڕووتن نیشانیان نادات.

## سۆنی و کامێرایەکی نوێی بێ ئاوێنە




کۆمپانیای سۆنی بۆ ئەوانەی شارەزایی جیهانی تەکنەلۆژین ناوێکی ناسراوە.. سۆنی کۆمپانیایەکی ژاپۆنییە بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرادا مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە..

لەم دوایەیدا کۆمپانیای ناوبراو کامێرایەکی نوێی بەناوی a٦٥٠٠ بەرهەم هێناوە. کامێراکە سینسەری جۆری APS-Cی لەسەرە، کوالیتی وێنەکانی ٢٤ مێگاپیسکلە.. کامێراکە دژە لەرزین و جوڵەیە واتە بەکارهێنەر گەر جوڵەش بکات لەکاتی وێنەگرتندا وێنەکان تێکناچن.. توانای گرتنی ١١ فرێمی لە چرکەیەکدا هەیە و هەربۆیە دەتوانێت ٣٠٠ وێنە بە فۆرماتی JPEG لە یەك کاتدا تۆمار بکات. فیلمەکانی ئەم کامێرایە دەیانگرێت کوالیتیان K٤ە. خێرایی فۆکس لەکاتی فیلم هەڵگرتنەوەدا دەتوانی دەستبەجێ بگۆڕی. توانای فۆکسی ئۆتۆماتیکی لە کاتی فیلمهەڵگرتنەوەدا بە کوالیتی فول ئێچ دی بە خێرایی ١٢٠ فرێم لە چرکەیەکدا هەیە. گرنگییەکی کامێراکە لەوەدایە کە کامێراکەی درەنگ دادەبەزێت..

# سینەمایماڵەوە لە شوێنی شاشە مەزنەکان



سینەمای ماڵەوە بە تەلەڤزیۆنە شاشە مەزنەکان ناگوترێ، بەڵکو بەو پرۆژکتۆرە بچووکانە دەگوترێ کە دەکرێت وەك سینەما لە لا دیوارێك بە قەد ئەو قەبارەی کە حەزی لێدەکەی فیلم نیشان بدەن..

یەکێك لەو سینەما پرۆژکتۆرانە کە بەم دواییە بەرهەم هاتووە، سینەمای H1ە کە دەکرێ بڵێین بەپێی قەبارەکەی گونجاوترین سینەمای ماڵەوەیە.

سینەماکە پرۆژکتەرێکە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە بەکارهێنەر دەتوانێت لەرێگای مۆبایلەوە فیلمەکانی بەبێ وایەر بۆ بگوازێتەوە. کوالیتی نیشاندانی فیلم لەو سینەمایەدا بەراستی لەسەرێیە، بۆ نموونە دەتوانێت بە کوالیتی HD لەسەر شاشەیەکی ٣٠٠ ئینجی فیلم بڵاوبکاتەوە.. لادیوارێك!! سپیکەرەکانیش لە جۆری ستریۆن. پێچەوانەی پرۆژکتەرەکانی دیکە کە گڵۆپەکانیان تەمەنی کورتە، گڵۆپی H1 زۆر لەسەرێیە.

# ویستگەیەکی تایبەتی وای-فای




ئێستا وای لێهاتووە چۆن ژیان بەبێ کارەبا مەحاڵە و ئاواش ژیان بەبێ ئینتەرنێت ناڕوات بەڕێوە.. وای-فای واتە سیستەمی گەیاندنی ئینتەرنێت بەبێ وایەر لە هەمووی گرنگترە.. چونکە مۆبایل، تەبلێت و لاپتۆپەکان لە رێگای وای-فایەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە. هەرچەندە مۆدێمەکانی گەیاندنی وای-فای ئاسانن بەکارهێنانیان، بەڵام لەوەش ئاسانتر کراوەتەوە. ئامێری starry ئاسانترین رێگای هەیە بۆ گەیاندنی ئێنتەرنێت بە شێوەی وای فای.. ئامێرەکە گشت ئەو ئامێرانەی کە بە وای-فای بەستراونەتەوە دەست نیشان دەکات و لەسەر شاشەکەی خۆی نیشانی دەدات، هەروەها خێرایی داونلۆد و ئەپلۆدی هێڵەکە دیاری دەکات.

لەوەش گرنگتر دەتوانی بۆ منداڵەکانت کاتژمێرێکی دیاریکراو بۆ مانەوە لەسەر هێڵ دیاری بکەی، بۆ نموونە لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا ئۆتۆماتیکی هێڵەکە بکوژێتەوە. گۆڕین و دانانی پاسۆردی وای-فایش لەم ئامێرەدا زۆر ئاسانە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێک دەپرسێت ئایا دەکرێت سایتێك بە تەواوی ناوەڕۆکییەوە واتە بە فیلم و فایلەکانی ناوییەوە دانلۆد بکرێ، ئەگەر دەکرێت بە چ پرۆگرامێك؟**

خوێنەری بەڕێز بێگومان دەکرێ، پرۆگرام بۆ دابەزاندنی سایتێك بەتەواوی گەلێکن. بەڵام هەر بە پرۆگرامی دانلۆد مەنجەریش دەکرێت. کاتێك پرۆگرامەکە دەکەیەوە لە گۆشەی لای راستی ئەو فەرمانە دەبینی (Greabber) کلیکی لەسەر بکە. کاتێك کلیکت کرد پەنجەرەیەك دەکرێتەوە لە بۆکسەکاندا سەرەتا ناوی پرۆژەکە و ئەوەی دیکەیان ئەو سایتەی نیازتە دانلۆدی بکەی ئەدرەسەکەی دەنووسی. بەڵام دەبێ دڵنیا بی لە هاردەکەتدا شوێنی تەواوت هەیە بۆ دابەزاندنی سایتەکە. دواتر دوگمەی next لێ دەدەی. ئید ی سایتەکە داونلۆد دەبێت..



## لە ڕێگای قژەوە دەنگ دەگوازێتەوە

ئامێری (بیستەر) یان (سمعك) ئەو ئامێرەی کە تایبەتە بە ئەوانەی هێزی بیستینان کەمە گرنگی خۆی هەیە لە راستیدا ئەو کەسانەی نابیستن بەبێ ئەو ئامێرە ژیانیان زۆر دژوارە..

ئامێری (بیستەر) زیاتر لە ڕێگای گوێوە ئەرکی ئەنجام دەدات و دەبێتە گوێیەکی دیکە بۆ ئەوەی پێویستی پێیەتی..

کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئامێری Ontennaی بەرهەم هێناوە کە لە ڕێگای قژەوە دەتوانی دەنگ بەڕێ بکات. (ئەوانەی سەریان رووتاوەتەوە و کەم موون دەبێ لە خێری ئەو ئامێرە بگوزەرێن!).. ئامێرەکە وەك قەردێلەیەك لەسەر دەدرێ لەبری بەڕێ کردنی دەنگ بۆ گوێ، لەرینەوەی دەنگ لە ڕێگای مووە دەگوازێتەوە، لە راستیدا لەبری دەنگ بگوازیەوە دەیبیسی.

کۆمپانیای فوجیستۆ بەرهەمهێنەری (بیستەر)ەکە دەڵێت کردارەکە لە بیرۆکەی سمێڵی پشیلەوە وەرگیراوە کە دەنگی (با) لە ڕێگای سمێڵەوە دەبیسێ!




## سایتێک بۆ زانینی هێما و کاراکتەر

بە هەزاران کارەکتەر و هێما و لوگۆ هەن، کە نازانی بە چ مەبەستێکن یان چ مەبەستێك دەگەیەنن، بۆ نموونە ئەم کارەکتەرانە ($@..) رەنگە بزانی یەکەمیان هێمای دۆلارە و ئەوەی تریان هێمایە بۆ ئیمێل، بەڵام ئەی هەزاران هێمای دیکە، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی www.mausr.com بدە. لەو سایتەدا ئەگەر بە مۆبایل یا تەبلێت بیکەیەوە بە ئاسانی بەدەست ئەو هێمایەی مەبەستتە بیکێشەوە، سایتەکە چەندین هێمات نیشان دەدا و دەڵێت مەبەستت کامەیانە، ئیدی پێت دەڵێ ئەو هێمایە بە چ مانایەك دێت. جگە لەوەش لەو هێمایە یۆنیکۆدی هێماکەت دەداتێ بۆ ئەوەی کە بتوانی لە ماڵپەڕەکەی خۆت یان لە بۆ مەبەستی دیکە بەکاری بێنی..

## سەلەی زەبڵیش بوونە هۆشمەند

لە مانشێتەکەی سەرەوە پرسیارێکم بۆ هاتۆتە پێش؟ ئایا هۆشمەند بوونی هەموو ئامێرە پێویست و ناپێویستەکان لە داهاتوودا وا ناکات مرۆڤەکان هۆشمەند نەبن...ئاخر تۆ بۆ هەموو شتێك ئامێرێك بە ئاسانی بۆت ئەنجام بدات ناچار نی بۆ هیچ شتێك بیر بکەیەوە!

لە وڵاتی چین جۆرە سەلەی زبڵێك بەرهەم هاتووە کە هۆشمەندە.. ئەو سەلە زبڵانە ئەرکیان ئەوەیە کاتێك کە نزیك ئەوە ببن کە پڕ ببن واتە ٨٠٪ پەیامێك بۆ کارمەندانی خزمەتگوزاری شار دەنێرێت کە ئێمە لە فلانە شوێنین و خەریکە پڕ بین... سەلەکان بە وزەی خۆر کار دەکەن. جگە لەوەش سەلەکان هێڵی ئینتەرنێت بە خۆڕایی دەبەخشن بە خێرایی ٥ میگابایت و دەکرێت ٥٠ کەسی نزیك سەلەکە سوودی لێوەربگرێ.. گرنگتریش لەمانە تەلەفۆنی خۆڕایی لەسەرە بۆ شوێنە گرنگەکان دەتوانی بە خۆڕایی قسە بکەی...



## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کتێبە ئەلکترۆنیەکان

جیهانی خوێندنەوە گۆڕاوە، کتێب و ڕۆژنامە لە سەرکاغەزەوە بوون بە دیجیتالی، کتێبی دیجیتالی کتێبخانەی دیجیتالیشی دەوێت، بۆیە پرۆگرام گەلێك هەن تایبەتن بە ڕێکخستنی کتێبە دیجیتالییەکان، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Alfa eBooks Manager Premium v٥، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی بەباشی کتێبە دیجیتالییەکان چ ئەوانەی پی دی ئیفن و چ ئەوانەی بە پرۆگرامی دیکەن دەتوانی ڕێکیان بخەی، لەو پرۆگرامەدا شێوازی خوێندنەوەی کتێبەکان وەك کتێبی ڕاستییە، دەتوانی لاپەڕەکان ئەگەر شاشەکەت لەمسی بێ بە دەست و ئەگینا بە ماوس هەڵی بدەیەوە. بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێ ریزبەندیان بکات، نیشاندانی زانیاری کورت لەسەر کتێبەکە، هەروەها دەتوانی زانیاری لە سایتەکان وەربگرێت، نیشاندانی کتێبەکان بە شێوەی سێ لایی، توانای گوێگرتن لە کتێبە دەنگییەکان و دەیان تایبەتمەندی دیکە..

